# لە ساڵرۆژی کۆچی دوایی (کەریم حیسامی) تێکۆشەرو نووسەردا

جەمشید حەیدەری

لە ٦/ ١٠/ ٢٠٠١ دڵە گەورەکەی رۆڵەیەکی دڵسۆزو نووسەرێکی لێهاتوو تێکۆشەرێکی چاونەترس و ماندوونەناسی مامۆستا کەریم حیسامی لە لێدان وەستا، بێگومان پێویستە یادی ئەو کەڵە پیاوەو مرۆڤەکانی رێگای رزگاریخوازی گەلەکەمان بەرز راگیرێن و ئەوەی نوێ بە خەبات و کارەکانیان ئاشنا بکرێن.

بەر لە هەشت ساڵ مامۆستا کەریم ماڵئاوایی لێکردین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وەک پێویست ئاور لە خەبات و نووسینەکانی نەدراوەتەوە، هەرچەندە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ هێشتوو، کە پێویست بوو دوور لە سۆزو ماحەزی تایبەتی و بەشێوەیەکی بابەتیانە هەڵبسەنگێندرێن و بخرێنە ژێر باس و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرهەمەکانی دووبارە چاپ بکرێن.

لەو یادەدا، کە دەستم بۆ قەڵەم برد، نەمدەزانی لەسەر چ لایەنێکی ژیان و بەرهەمەکانی کاک کەریم بنووسم لەسەر تێکۆشانی سیاسی لەپێناو رزگاری گەلەکەی، لەسەر تێکۆشانی فیکری لەپێناو سەرکەوتنی بیری سۆسیالیستی و دادی کۆمەلایەتی و بەرگری لە مافی زەحمەتکێشانی کوردستان، یان لەسەر خەبات و چالاکی لە بواری رۆشنبیری و نووسینی رۆژنامە نووسین و وەرگێران، یاخود لەسەر بیرەوەری ئەو چەند ساڵانەی کاری هاوبەشمان پێکەوە لە دەرکردنی رۆژنامەی "سەردەمی نوێ"دا بێگومان هەر لایەنێکی بگری بەو وتارێکی کورتی رۆژنامە مافی خۆی نادرێتێ، چونکە کاک کەریم بۆ ماوەی شەست ساڵ، بێ ماندووبوون، بێ گوێدانە مەترسی کۆڵی نەداو درێژەی بە خەباتدا، لەگەڵ ئەوەی بە ناچاری لە خەباتی حزبایەتی دوور کەوتەوە، بەڵام هەموو توانای خۆی تەرخان کردبوو بۆ بەرگری لە کێشەی رەوای گەلی کورد و ریسواکردنی داگیرکەرانی کوردستان و هێزە کۆنەپەرستەکانی گۆڕەپانی کوردستان، ئەوانەی خواست و ئارەزوویانە رەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە ببەن.

ئاشنایەتی من و کاک کەریم دەگەڕێتەوە بۆ چل و یەک ساڵ بەر لە ئێستا بۆ ساڵی ١٩٦٨ لە صوفیای پایتەختی بولگارستان، لە کاتی فیستیڤاڵی هەشتەمی لاوان و قوتابیانی جیهان.

ئەوەی شایانی باس بێت، لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەمجار کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە شاندێکی سەربەخۆ بە ناوی کوردستان، نەک لە ژێر ئاڵای شاندی عێراق لەو فیستیڤاڵەدا بەشداریکرد، لەو فیستیڤاڵەدا شاندێکی شۆڕشی کوردستانیش بە سەرۆکایەتی تێکۆشەر نوری سەدیق شاویس و مولازم خدر ئامادەبوون، لە رۆژی کردنەوەی ئاهەنگی فیستیڤاڵ لە یاریگای سۆفیا، کە شاندی کوردستان لە ریزی شاندی دەوڵەتانی تر هاتە گۆڕەپانی یاریگار گەیشتە نێوەراست، دوو منداڵ بە جل و بەرگی کوردی لە پەیژەکان تەماشاکەران دابەزینە یاریگاو هاتنە پێش شاندی کوردستان، لە رۆژی دووەمی فیستیڤاڵ بۆمان دەرکەوت کە کوڕو کچی کاک کەریم بوون (شلێرو کەماڵ) چونکە کاک کەریم میوانداری هەندێکمانی لە ماڵی خۆی کرد و ئەو دوو منداڵە بە جووتەو بە جلی کوردییەوە بەخێرهاتنیان لێکردین.

من و کاک کەریم لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا جارێکی تر پێک گەیشتین، دوای دابڕانێک لە ساڵی ١٩٧٤ دیسان لە بولگارستان یەکمان گرتەوە، چونکە ماوەی یەک مانگ لە سۆفیا بووم، دەرفەتێکی باشم بۆ رەخسا کە ئاشنایەکی لە رێگای کاک کەریمەوە لەگەڵ چیرۆکنووسی شەهید هەستی قزلجی و سەرکردەی شەهید دکتۆر ئاورەحمانی قاسملو پەیدا بکەم.

لە دوای ١٩٧٤ پەیوەندی من و کاک کەریم بەردەوام بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ دوای ئەوەی وەک پەنابەری سیاسی روو لە سوید کرد، لەو ساڵانەشدا کاک کەریم پەیوەندی حزبی لەگەڵ حزبی دیموکرات پچڕابوو، بەڵام کۆڵی نەدابوو، بەڵکو خەریکی پەیوەندیکردن بوو بە هەندێ لە ئەندامە دابڕاوەکانی حزبی دیموکرات و رۆشنبیرانی بەشەکانی تری کوردستان بۆ کاری هاوبەش و گەیاندنی دەنگی گەلی کورد و چەوساوەو دابەشکراو بە رەوەندی کوردی ئەورووپاو بە میدیاکان و هەروەها سوود لە کەش و هەوای ئازادی وەرگرێ و چالاکی سیاسی و رۆشنبیری بەرێوەبچێ لە خزمەتی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و پێشخستنی زمان و کلتووری کورد لە دەرەوەی کوردستان و بەشێکی تەواوکەر بێت لەگەڵ خەباتی چەکداری لە کوردستان.

ئاکامی ئەو کۆششەی کاک کەریم و کاری هاوبەشمان بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) بوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ، کە (٥٤) ژمارەی لێ دەرچوو.

کاک کەریم لە هەموو ژمارەکانی سەردەمی نوێ نووسینی هەبوو چ بەناوی خۆی یاخود نازناوی (شێروان، شنۆیی) جگە لە بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوە کوردەکانی ئەورووپاو چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی، دە بەرگ بیرەوەری بڵاوکردەوە، چەند نامیلکەی وەرگێڕانی خستە بەردەستی خوێنەرانی کورد.

لە ساڵرۆژی کۆچی دوایی کاک کەریمی حیسامیدا، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو بڕوای تەواوی بە بلۆکی سۆسیالیستی پێشوو بیری سۆسیالیستی هەبوو لە روانگەی جیهانبینی مارکسییەوە رووداوەکانی لێکدەدایەوەو وەک زۆربەی چەپەکانی ناوچەکان فریوی بە هەندێ دروشمی بریقەدار خواردبوو، بە راشکاوی لە نامیلکەی یادانەوەیدا رەنگی داوەتەوە، کاک کەریم بە بڕوای خۆی و بە قەناعەتی منیش بەرژەوەندی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەی لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی تر دادەنا و بۆ ساتێکیش درێغی لە بەرگریکردن لە مافەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان نەدەکرد و بە هەموو توانەوەش هێزە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و داگیرکەرانی کوردستانی ریسوا دەکرد.

**سڵاو لە یادی مامۆستا کەریمی حیسامی**

**رەوانی شاد..**

[illegible] کوردستان

٧/ئۆکتۆبەر/٢٠٠٩